

# گەڕانەوە

سارا ،،،
تەمو غوباری خەیاڵاتی زەلیلی
ئاسمانێ لە ئەستێرەوعەیامێ لە
چاوەڕوانی
دەباتەوە بەرپەنجەرەی نغرۆبون
لە جەستەی گەڵای ئێوارەیەکی وەریوا****
وەختێ مەدالیای شوکرونزایان
بەیەخەی دڕاوی مرۆڤاهەڵواسی
ئێوەشیانکرد بە کاڵایەکی بە حەیا
بۆ داپۆشینی جەستەیان
سایەقەبو
سایەقەیە گەشتر لەڕۆحی مناڵیت
وەلێ بە دوای ئەستێرەیەکا دەگەران ****
وەختی سەما لە سەر پەنجەی نائومێدیو
قەتیس مانی ئەشکی تەمەنناوکلۆڵی
لە چاوانی پرشنگدارو
توانەوە لە هاڵاوی حوزنا نی یە
شکانی دڵ لە شکانی پەنجەرەیەك ئاسانترە
لەئاست ڕەشەبای وەحشەتا
دڵ ناتوانێ شوشەیە بێ ****

ببین هاوڕێی دڵشکاوم
قەیرە کچانی سەرسپی
هەموو ڕۆژێکی تەمەنیان سەفەرێکە
بە نێو مەوجی هەلاهەلا بونی ڕۆحا ****
وەختی سەما لە سەر پەنجەی نائومێدی نییەگیانم
جەستەی تۆ
ڕۆژێ دەکەنە کێڵگەی لەزەتێکی بازاڕیو
ڕۆژێ بە غروبێکی خوێناوی **
گەلێ جار بە دەستی زبرم
ئەشکی شەونمی سەرگۆنای چرچی باوکمم سڕیوە
ساڵانێکیش هەنیسکو هەناسەی ساردی دایکم
لە دڵما گەرم کردۆتەوە
کە دڵی وەك پرچی سپیو
خەمی لەتەمەنی وجود پیرتر
نەکەسو نە خوای شك دەبرد
فریای کردنەوەی پەنجەرەی
شەوێکی گیانکێشانی بکەون ****
سارا
بۆ ئەوەی ئەم ڕەشەبا کوێرمان نەکا
ناکرێ دەس بە چاومانەوەبگرین
عەسرە چاوەرێی ئاوابونی خۆر مەکە
عەشاماتێك بێ بەرگ لەسایەیدا هەڵکورماون ،
سارا

ئەوەی کە هێشتا نە خۆت دەناسیو نە من
بابگەڕێینەوەئەو تەمەنەی
کە دڵباخچەی گوناهە یاخیەکان بو
بۆ ئەو ماڵەی لە تابلۆیەکی بەهاری دەچو
لەوێدا بە پشتی چەماوەوە
دایکم چاوەروانی گەڕانەوەی ئێمەیە ***
هەژاری وەك هێلانەی پەڕەسێلکە
بەر هەیوانی هەمو ماڵێکی گرتوە
کازیوەی کارەسات تازە هەڵدێو
بە سەر پەڵە خوێنی سەر شەقامەکانەوە
شەوق ەداتەوە
بەشی سەفەری برینەکانی خۆت ناکەی
لە خۆتا خەونەکان
لە گەڵ هەناسەی گەنجێتیتدا دەمرن،
لێرە نیت هەمو شتێکت بەهێمنی پێ بڵێم
لەوێ نیم لەو خەیاڵە بێدارتکەمەوە ***
بابڕۆینەوە گەڕەکی ئەو زەمەنەی
موحتاجی هەناسەیە فورسەت نەبوین
نیگامان ئاوێزانی یەکتر کەین
بۆ ئەو ڕۆژە زیوینیانەی عومر سەرا پا
شەکەتیورەنجوداماوی نەبو
ئەوەتا ڕەنگی جوانیەکانی ژیان
بە کاڵی لەسێبەری خۆتا ئەبینی ***

لەم سەردەمی بازاڕەدا
کە جەستەی تۆوهێزی منی تیا کالآیە
ناکرێ بیرمان ئێوارەیەکی تەماوی بێ
لەم دونیای پڕئاشوبەدا
زەحمەتە ماڵێکی ئارامی دەسکەوێ ،
بابگەڕێینەوە ئەو عەیامەی
لە مابەینی منو تۆدا
پردێك لە عیشق پێکەوەی ڕاگرتبوین
سەرێ لەو بەیانیە بدەین
کە ماچی گەرمی خۆرەتاوی ئومێدێ بێداری کردینەوە
با بگەڕێینەوە سارابا بگەڕێینەوە

ئەحمەد عەلی
16فێبریوەری2002